

IKHRC

Iranian Kurdistan Human Rights Center


ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# ڕاپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## سێ مانگی بەهار
## ١٣٩٦ - ٢٠١٧

ناوەندی مافی مرۆڤ
بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ڕاپۆرتی ژمارە ١ - ١٣٩٦

www.chawnews.com



| | |
|---|---|
| ناوی بڵاوکراوە: | ڕاپۆرتی بەشێك لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ<br>لە رۆژهەڵاتی کوردستان |
| وەرز: | بەهار |
| راپۆرتی ژمارە: | ١ |
| بڵاوبوونەوە: | ١٣٩٦ - ٢٠١٧ |
| زمان: | کوردی - ئینگلیزی - فارسی |
| چاپ و<br>بڵاوکردنەوە: | ناوەندی مافی مرۆڤ<br>بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان |


ikhrc1@gmail.com

**لە بڵاوکراوەکانی**
**ناوەندی مافی مرۆڤ**
**بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان**

www.chawnews.com



## ڕاپۆرتی بەشێك لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ
## لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دەزگای قەزایی و
## ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە

کوردستانی ئێران لە ساڵی نوێی ١٣٩٦و لە وەرزی یەکەمی ئەمساڵەشدا بەشی شێری لە سەرکوتکاریی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەموو بەستێنەکانی سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئابووریدا پێبرا.
بەپێی ئەو داتا و زانیاری‌یانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لای خۆی تۆماری کردوون، تەنیا لە ماوەی سێ مانگی بەهار و سەرەتای ئەمساڵدا زیاتر لە ٢٤٠ حاڵەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان ڕووی داوە.
لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا ٣٧ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی کوردستان لە ڕووی ئابووری و ڕەفتاری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد. لەوەندە کەسە ١٨ کاسبکار بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کوژراون و ١٩ کەسیش هەر بەو هۆیە بریندار بوون و دەیان سەر ئەسپ و ئێستری ئەو کاسبکارانەش بە کوشت چوون و دەست بەسەر چەندین میلیارد تمەن بار و کەلوپەلیان داگیراوە.
هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا ١٠٦ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. ژمارەیەک لەوان دوای لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان تا کاتی دادگایی کرانیان بە دانانی بارمتە ئازاد کراون و ٩ کەس لەوان حوکمی ساڵێک تا ١٥ ساڵ (سەرجەم ٤٩٧ مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە و بەندکراوێکی کوردیش سزای ئیعدامی بۆ بڕاوەتەوە. هەر لەو ماوەیەدا بەندکراوێکی کورد کە لە وڵاتی فینلاند ڕا سەردانی ئێرانی کردبۆوە و لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکانەوە گیرابوو، بە شێوەی گوماناوی لە زینداندا گیانی لە دەست داوە.

"

**هیچ کەسێك نابێ لە خۆوە بگیرێ، زیندانی بکرێ یان دوور بخرێتەوە.**
**(ماددەی ٩ ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ)**

...

**ئازادی‌و ئاسایشی تاکەکەسی، مافی هەر مرۆڤێکە. هیچ کەس نابێ لەخۆوە دەستبەسەر بکرێ یان بگیرێ. هیچ کەس نابێ لە ئازادیی خۆی بێبەش بکرێ، مەگەر ئەوکاتە کە قانوون‌و ڕێوشوێنەکانی دادپرسی بڕیاری دابێ.**
**(ماددەی ٩ی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان)**

"



لە ماوەی سێ مانگی بەهاردا ١٥ بەندکراوی کورد کە بە تاوانەکانی پێوەندیدار بە ماددەی سڕکەر حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو، لە زیندانە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا لەدار دراون؛ ئەوەش لە حاڵێکدا کە مەجلیس دەیەوێ بە پەسندکردنی قانوونێک سزای ئێعدام لەسەر ئەو تاوانانە هەڵبگرێ و سزای زیندان و جێگرەوەی دیکەیان لە بری ئەوە بۆ لەبەرچاو بگرێ. مەجلیسی شورای ئیسلامی بە رەسمی داوای لە دەزگای قەزایی کردوە هەتا یەکلابوونەوەی ئەو قانوونە دەست لە ئێعدامکردنی زیاتر لەو ٥ هەزار کەسە بپارێزێ کە لەو سۆنگەیەوە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە؛ بەڵام دەزگای قەزایی بێ گوێدانە ئەو داوایە لە جێبەجێکردنی سزای ئێعدامەکان بەردەوامە.

لە ماوەی سێ مانگی سەرەتای ساڵدا تەقینەوەی مینە لەکارنەخراوەکان لە کوردستان زیاتر لە ٢٢ قوربانیی وەرگرتوە کە ناوەندی مافی مرۆڤی رۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ١٠ کەس لەوانی ئاشکرا کردوە. هەر لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٢٥ کرێکاری کورد لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بوونەتە قوربانیی رووداوی کار کە شوناسی ١٢ کەس لەوان لەلای ناوەندی مافی مرۆڤی رۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کراوە. لەوەندە کەسە ١٠ کەسیان بەهۆی جۆراوجۆری وەک بەربوونەوە لە بەرزایی، برق‌گرتن و کەوتنە بن داروپەردوو گیانیان لە دەست داوە و ٢ کەسیش بریندار و نقوستان بوون.

ئاماری خۆکوژی‌یەکانیش لە کوردستان بەهۆی کەمتەرخەمیی دامودەزگا دەوڵەتی و حکومییەکانەوە لە ماوەی ئەو سێ مانگەی بەهاردا دیار و بەرچاو بوو.

لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا هەر نەبێ ٣٥ کەس لە کوردستان خۆیان کوشتووە کە ناوەندی مافی مرۆڤی رۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٢٣ کەس لەوانی بە روونی تۆمار کردوە.

ئەو ئامار و زانیارییانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو بەشەی ئێران بڵاوی کردۆتەوە تەنیا ئەو بەشە لەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە هەواڵ و زانیارییەکان بە ئاشکرا بە میدیایی کراون و لە لایەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە ئاماژەیان دراوەتێ، ئەگینا ئەو ناوەندە پێی وایە کە ئاماری ورد و دروستی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر لەو ئامارەیە کە راگەیەندراوە.

**„ لەو وڵاتانەدا کە سزای ئێعدام هەڵنەوەشاوەتەوە، سزای مردن تەنیا دەبێ بۆ ئەو تاوانبارانەی جینایەتیان کردووە، ئەویش بە گوێرەی قانوونێک کە لە سەردەمی روودانی تاوانەکەدا بەرێوەچووە، دەربچێ. (ئەم سزایەش) نابێ لەگەڵ رێوشوێنەکانی ئەم پەیماننامەیە و پەیماننامەی نەهێشتن‌و سزای تاوانی کوشتاری بەکۆمەڵ (Genocide) ناتەبا بێ.
(ماددەی ٦ی رێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان) “**

# خشتەی پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان
# لە سێ مانگی سەرەتای ساڵی ١٣٩٦ی هەتاویدا بەشێوەی خوارەوە دەخرێتە بەرچاو:

## زانیاری لە سەر ئەو کۆڵبەر و کاسبکارانەی لە سێ مانگی بەهاری ١٣٩٦دا کووژراون و بریندار بوون

| ریز | ناو و ناسناو | شوێن | پیشە | جۆری زیان | چۆنیەتیی ڕووداو | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بێهرووز عیسا زادە | قوتوری خۆی | کۆڵبەر | گیانی لە دەستداوە | بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێی گۆڕیوە و کەوتۆتە ژێر ڕنوو و بەو هۆیەوە گیانی لە دەست داوە | ١٣٩٦-١-١ |
| ٢ | مستەفا حافز | قوتوری خۆی | کۆڵبەر | گیانی لە دەستداوە | بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێی گۆڕیوە و کەوتۆتە ژێر ڕنوو و بەو هۆیەوە گیانی لە دەست داوە | ١٣٩٦-١-١ |
| ٣ | حەسەن سەعیدی | قوتوری خۆی | کۆڵبەر | گیانی لە دەستداوە | بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێی گۆڕیوە و کەوتۆتە ژێر ڕنوو و بەو هۆیەوە گیانی لە دەست داوە | ١٣٩٦-١-١ |
| ٤ | قوتبەدین ئەحمەدی | قوتوری خۆی | کۆڵبەر | گیانی لە دەستداوە | بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێی گۆڕیوە و کەوتۆتە ژێر ڕنوو و بەو هۆیەوە گیانی لە دەست داوە | ١٣٩٦-١-١ |
| ٥ | عەلی ڕەسوڵیڕاد | قوتوری خۆی | کۆڵبەر | بریندار بووە | بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێی گۆڕیوە و کەوتۆتە ژێر ڕنوو و بەو هۆیەوە بریندار بووە | ١٣٩٦-١-١ |
| ٦ | مەجید سەمەدی | شیپرانی سەڵماس | کۆڵبەر | بریندار بووە | بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەڵدێر کەوتۆتە خوارێ | ١٣٩٦ -١ -٢ |
| ٧ | وەلی ڕەمەزانی | سەلاسی باوەجانی | کۆڵبەر | بریندار بووە | بە تەقەی هێزەکانی هەنگی مەرزی لە سنووری شێخسەلە بریندار بووە | ١٣٩٦ -١ -٥ |
| ٨ | ئۆمید گەوهەری | سەردەشت | کۆڵبەر | برینداربووە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-١-٩ |
| ٩ | مام عەبدول سولێمانزادە | سەردەشت | کۆڵبەر | گیانی لە دەستداوە | بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەڵدێر کەوتۆتە خوارێ | ١٣٩٥-١-١١ |
| ١٠ | ڕزگار کۆڵەسەیی | سەردەشت | کۆڵبەر | برینداربووە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-١-١٩ |
| ١١ | ئازاد مەحموودی | بانە | کاسبکار | کوژراوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-١-٢٣ |
| ١٢ | هیوا ... | بانە | کاسبکار | برینداربووە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-١-٢٣ |
| ١٣ | عەتا حوسێنی | سەقز | کاسبکار | کوژراوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-١-٢٤ |
| ١٤ | والید مەحموودی | شەشە"ی بانە" | کۆڵبەر | مردوە | لافاو بردوویەتی و بەو هۆیەوە گیانی لە دەست داوە | ١٣٩٦ -١ -٢٥ |
| ١٥ | مێهدی جەمشیدی | کامیاران | کاسبکار | کوژراوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦ -١ -٢٥ |
| ١٦ | ئەحمەد مامقادری | دۆڵەبیی سەردەشت | کاسبکار | کوژراوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦ -١ -٢٦ |
| ١٧ | ڕەحمەت ... | بێورانی سەردەشت | کاسبکار | بریندار بوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦ -١ -٢٦ |
| ١٨ | سیامەند ... | ئالانی سەردەشت | کاسبکار | بریندار بوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦ -١ -٢٦ |
| ١٩ | مەحموود هەمزەیی | سەردەشت | کاسبکار | بریندار بوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦ -١ -٢٦ |

**"هەر کەسێك مافی ئازادیی بیروڕاو ڕادەربڕینی هەیە و، ئەو مافەش پێویستی بەوە هەیە کە هیچ کەس لەوەی کە بیروڕایەکی هەیە نەترسێ و نیگەران نەبێ و، لە بەدیهێنانو وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاریو بیروبۆچووندا، ئازادانە و بێ وەبەرچاوگرتنی سنوورەکان، دەستی بە هەموو ئامرازێکی گونجاوی بیروڕا دەربڕین و بڵاوکردنەوە ڕابگا.**

**(ماددەی ١٩ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ)"**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠ | نەزیر ئەداک | سەوڵاوای مەریوان | کۆڵبەر | کوژراوە | لە شاخی بەربۆتەوە و دەسبەجێ گیانی لە دەست داوە | ١٣٩٦ -١ -٢٨ |
| ٢١ | هادی خزری | مەهاباد | کۆڵبەر | بریندار بوە | لە سەردەشت لە لایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦ -١ -٣١ |
| ٢٢ | ڕەحمان ئیبراهیمی | سەردەشت | کۆڵبەر | کوژراوە | سەرەتای مانگی خاکەلێوە بریندار و دوای مانگێک مانەوە لە نەخۆشخانەی تەورێز گیانی لە دەست دا | ١٣٩٦ -٢ -٧ |
| ٢٣ | تۆفیق ڕەحمانی | مەریوان | کۆڵبەر | بریندار بوە | لە کاتی کۆڵبەری و بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ بریندار بوە | ١٣٩٦ -٢ -١٣ |
| ٢٤ | نورەدین ئیبراهیمی | شنۆ | کاسبکار | کوژراوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦ -٢ -١٤ |
| ٢٥ | ئیدریس مرادی | بڵچەسووری مەریوان | کاسبکار | گیانی لە دست داوە | ماشێنەکەیان بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکان وەرگەڕاوە | ١٣٩٦-٢-٢٤ |
| ٢٦ | هادی شیروانی | بڵچەسووری مەریوان | کاسبکار | گیانی لە دست داوە | ماشێنەکەیان بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکان وەرگەڕاوە | ١٣٩٦-٢-٢٤ |
| ٢٧ | محەممەد دەرەتفێیی | مەریوان | کۆڵبەر | بریندار بوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-٣-٥ |
| ٢٨ | تۆفیق مستەفایی | پێلەی مەریوان | کۆڵبەر | بریندار بوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-٣-٥ |
| ٢٩ | هوشیار سەحرایی | وڵێنەی مەریوان | کۆڵبەر | بریندار بوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-٣-٥ |
| ٣٠ | عەدنان شەهیدی | بندۆڵی مەریوان | کۆڵبەر | بریندار بوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-٣-٥ |
| ٣١ | سەرکەوت وەیسی | نەوسوود | کۆڵبەر | بریندار بوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە "کێوی سوننی" بریندار بکراوە | ١٣٩٦-٣-٦ |
| ٣٢ | حەمدی فاتحی | مەریوان | کۆڵبەر | کوژراوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-٣-٧ |
| ٣٣ | جهانگیر ئەحمەدیان | کرماشان | کاسبکار | بریندار بوە | بە گومانی پێبوونی کاڵای قاچاغ لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-٣-١٠ |
| ٣٤ | مەلا بریتە | سەردەشت | کۆڵبەر | بریندار بوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-٣-١٤ |
| ٣٥ | عەلی محەممەدی | نەوسوود | کاسبکار | بریندار بوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-٣-٢٠ |
| ٣٦ | سیروان عەزیزی | سەردەشت | کۆڵبەر | کوژراوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ١٣٩٦-٣-٢٤ |
| ٣٧ | محەممەد مەسائیلیفەرد | پیرانشار | کاسبکار | کوژراوە | لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراوەتە بەر دەسترێژ | ٩٦-٣-٣١ |

## ئەو کەسانەی لە سێ مانگی بەهاری ١٣٩٦دا گیراون و حوکم دراون

| ریز | ناو و ناسناو | شوێن | پیشە | چۆنیەتیی رووداو | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | رامین ساڵحی | حەسەناوای سنە | مەدەنی | بە تاوانی هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەورۆزی لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە گیراوە | ١٣٩٦-١-٧ |
| ٢ | جەلال خودامرادی | حەسەناوای سنە | مەدەنی | بە تاوانی هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەورۆزی لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە گیراوە | ١٣٩٦-١-٧ |
| ٣ | سەعید ڕەشیدزادە | بۆکان | مەدەنی | بە هۆکاری ناڕوون لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە گیراوە | ١٣٩٦ -١ -٧ |
| ٤ | ئامانج قوربانی | بۆکان | مەدەنی | بە هۆکاری ناڕوون لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە گیراوە | ١٣٩٦ -١ -٧ |

**"هیچ کەسێك نابێ ئەشکەنجە بدرێ یان سووکایەتیی پێبکرێ و سزای نائینسانی و درندانە بدرێ. بەتایبەتی تاقیکاریی پزیشکی و زانستی نابێ بەبێ ڕەزامەندیی ئازادانەی کەسەکە لەسەری بەڕێوەبچێ.**
**(ماددەی ٧ی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان)"**



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | تەها حوسێنی | بۆریەری مەریوان | مەدەنی | تاوانی هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەورۆزی لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە گیراوە | ٨- ١- ١٣٩٦ |
| ٦ | چنار حوسێنی | بۆریەری مەریوان | مەدەنی | بە تاوانی لەبەرکردنی جلی نەخشێندراو بە ئاڵای کوردستان گیراوە و دوای دوو ڕۆژ بە شێوەی کاتی ئازاد بووە | ٨- ١- ١٣٩٦ |
| ٧ | ئەمیر سەلیمیئەقدەم | مەهاباد | مامۆستای زانکۆ | لە تاران لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە گیراوەو لە بەندیخانەی ئیڤیندا بەند کراوە | ١٠- ١- ١٣٩٦ |
| ٨ | عەلی بەدرخانی | ورمێ | خوێندکار | بە تۆمەتی هاوکاریی حیزبێکی کوردی سزای ٣ ساڵ و ڕۆژێک زیندانیی بەسەردا سەپاوە و خراوەتە بەندیخانە ورمێ | ١٠-١-١٣٩٦ |
| ٩ | ئیسماعیل بۆکانی | مەهاباد | مەدەنی | بە تۆمەتی هاوکاریی حیزبێکی کوردی سزای ساڵێک زیندانیی بەسەردا سەپاوە | ١٠-١-١٣٩٦ |
| ١٠ | ڕەئوف جەلیلی (شێرکۆ) | بۆکان | مەدەنی | بە هۆکاری نارِوون لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە گیراوە | ١٢- ١- ١٣٩٦ |
| ١١ | هیوا کیایی | مەهاباد | مەدەنی | بە تاوانی چالاکیی ڕاگەیاندن لەسەر تێلێگرام گیراوە | ١٣- ١- ١٣٩٦ |
| ١٢ | مێهدی ساڵحی | مەهاباد | مەدەنی | بە تاوانی چالاکیی ڕاگەیاندن لەسەر تێلێگرام گیراوە | ١٣- ١- ١٣٩٦ |
| ١٣ | وەلی حەسەنزادە | بۆکان | مەدەنی | بە هۆکاری نارِوون لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە گیراوە | ١٤ – ١- ١٣٩٦ |
| ١٤ | حەسەن دڵئەنگیز | مەریوان | مەدەنی | بە تاوانی نارەزایەتیدەربرین بە پیسکردنی ژینگە دەسبەسەر کراوەو دوای ٢ ڕۆژ بە شیوەی کاتی ئازاد کراوە | ١٥- ١- ١٣٩٦ |
| ١٥ | شەریف باجوەر | مەریوان | مەدەنی | بە تاوانی نارەزایەتیدەربرین بە پیسکردنی ژینگە دەسبەسەر کراوەو دوای ٢ ڕۆژ بە شیوەی کاتی ئازاد کراوە | ١٥- ١- ١٣٩٦ |
| ١٦ | نازدار حەقپەرست | مەریوان | مەدەنی | بە تاوانی نارەزایەتیدەربرین بە پیسکردنی ژینگە دەسبەسەر کراوەو دوای ٢ ڕۆژ بە شیوەی کاتی ئازاد کراوە | ١٥- ١- ١٣٩٦ |
| ١٧ | هیوا مەنوچێهری | مەریوان | مەدەنی | بە تاوانی نارەزایەتیدەربرین بە پیسکردنی ژینگە دەسبەسەر کراوەو دوای ٢ ڕۆژ بە شیوەی کاتی ئازاد کراوە | ١٥- ١- ١٣٩٦ |
| ١٨ | فایەق راوەش | مەریوان | مەدەنی | بە تاوانی نارەزایەتیدەربرین بە پیسکردنی ژینگە دەسبەسەر کراوەو دوای ٢ ڕۆژ بە شیوەی کاتی ئازاد کراوە | ١٥- ١- ١٣٩٦ |
| ١٩ | ئیدریس راوەند | مەریوان | مەدەنی | بە تاوانی نارەزایەتیدەربرین بە پیسکردنی ژینگە دەسبەسەر کراوەو دوای ٢ ڕۆژ بە شیوەی کاتی ئازاد کراوە | ١٥- ١- ١٣٩٦ |
| ٢٠ | مەزهەر موعینی | مەریوان | مەدەنی | بە تاوانی نارەزایەتیدەربرین بە پیسکردنی ژینگە دەسبەسەر کراوەو دوای ٢ ڕۆژ بە شیوەی کاتی ئازاد کراوە | ١٥- ١- ١٣٩٦ |
| ٢١ | محەممەد شەریفی | بۆکان | مەدەنی | بە هۆکاری نارِوون لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە گیراوە | ١٥-١-١٣٩٦ |
| ٢٢ | جونەید هیدایەتی | پاوە | مەدەنی | بە تۆمەتی هاوکاریی حیزبێکی کوردی گیراوە | ٢٢- ١- ١٣٩٦ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٣ | فەرید ئەحمەدی | پاوە | مەدەنی | بە تۆمەتی هاوکاریی حیزبێکی کوردی گیراوە | ٢٢- ١- ١٣٩٦ |
| ٢٤ | سۆران ئەحمەدی | پاوە | مەدەنی | بە تۆمەتی هاوکاریی حیزبێکی کوردی گیراوە | ٢٣- ١- ١٣٩٦ |
| ٢٥ | دڵسۆز محەممەدی | پاوە | مەدەنی | بە تۆمەتی هاوکاریی حیزبێکی کوردی گیراوە | ٢٣- ١- ١٣٩٦ |
| ٢٦ | ئەرسەلان ئەحمەدی | پاوە | مەدەنی | بە تۆمەتی هاوکاریی حیزبێکی کوردی گیراوە | ٢٣- ١- ١٣٩٦ |
| ٢٧ | بەشیر پیرماوان | ورمێ | مەدەنی | بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردی سزای ٥ ساڵ زیندانیی دراوەتێ | ٢٨- ١- ١٣٩٦ |
| ٢٨ | عەلیمحەممەد محەممەدی | ئەیوانی ئیلام | مەدەنی | بە تاوانی رەخنەگرتن لە یەکێک لە بەربژێرەکانی سەرۆک کۆماری گیراوە | ٧- ٢- ١٣٩٦ |
| ٢٩ | ئەمیرمحەممەد مەلەکپوور | کرماشان | خوێندکار | لە نێوەڕاستەکانی مانگی خاکەلێوەدا گیراوە و تا ئێستا بە چارەنووسی نەزاندراوە | ... |
| ٣٠ | حەسەن عەزیزیان | زێویەی کامیاران | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ١٣٩٦-٢-٨ |
| ٣١ | سارا کەمانگەر | سنە | مەدەنی | ئیتلاعاتی سنە بە تاوانی چالاکی لە دنیای مەجازیدا دەسبەسەری کردوە | ١٠- ٢- ١٣٩٦ |
| ٣٢ | کەماڵ حوسێندوست | بێمزورتیی شنۆ | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ١٣- ٢- ١٣٩٦ |
| ٣٣ | خوسرەو حەمکۆ | بێمزورتیی شنۆ | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ١٣- ٢- ١٣٩٦ |
| ٣٤ | موبین حەمکۆ | بێمزورتیی شنۆ | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ١٣- ٢- ١٣٩٦ |
| ٣٥ | ڕەشید حەمکۆ | بێمزورتیی شنۆ | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ١٣- ٢- ١٣٩٦ |
| ٣٦ | جەلال بیشیر | بێمزورتیی شنۆ | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ١٣- ٢- ١٣٩٦ |
| ٣٧ | ئازاد زەنگی | بێمزورتیی شنۆ | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ١٣- ٢- ١٣٩٦ |
| ٣٨ | وەسیم حەمکۆ | بێمزورتیی شنۆ | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ١٣- ٢- ١٣٩٦ |
| ٣٩ | ئەحمەد یەزدانیفەر | گامێشگۆلیی بۆکان | مەدەنی | سزای ٢ ساڵ زیندان و یەک میلیۆن و ٣٠٠ هەزار تمەن سزای نەغدیی بەسەردا سەپاوە | ١٣٩٦-٢-١٥ |
| ٤٠ | مەلا موحسین ... | بۆکان | مەلای گوندی بەردەزەرد | لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە بە تاوانی چالاکیی ئایینی گیراوە | ١٣٩٦-٢-١٥ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤١ | فاروق شارۆیرانی | شنۆ | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ١٣٩٥-٢-٢٣ |
| ٤٢ | عوسمان ئیسماعیلی | سەقز | چالاکی کرێکاری | سزای ٢ مانگ زیندانیی تەعزیریی بەسەردا سەپاوە | ٢٥- ٢- ١٣٩٦ |
| ٤٣ | ڕەفیق پزیشکی | بانە | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ٢٧- ٢- ١٣٩٦ |
| ٤٤ | مەنسوور محەممەدپوور | بۆکان | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە تاوانی چالاکیی ئایینی و سەلەفیگەری گرتوویەتی | لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٨ی ٢- ١٣٩٦ |
| ٤٥ | موحسین بەردەزەرد | بۆکان | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە تاوانی چالاکیی ئایینی و سەلەفیگەری گرتوویەتی | لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٨ی ٢- ١٣٩٦ |
| ٤٦ | سەلاحەدین کاوانی | بۆکان | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە تاوانی چالاکیی ئایینی و سەلەفیگەری گرتوویەتی | لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٨ی ٢- ١٣٩٦ |
| ٤٧ | ڕێبوار محەممەدی | بۆکان | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە تاوانی چالاکیی ئایینی و سەلەفیگەری گرتوویەتی | لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٨ی ٢- ١٣٩٦ |
| ٤٨ | کەماڵ ئەندەلەس | بۆکان | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە تاوانی چالاکیی ئایینی و سەلەفیگەری گرتوویەتی | لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٨ی ٢- ١٣٩٦ |
| ٤٩ | مەولوود ڕەحیمی | بۆکان | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە تاوانی چالاکیی ئایینی و سەلەفیگەری گرتوویەتی | لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٨ی ٢- ١٣٩٦ |
| ٥٠ | عیسمەت گەرامی | ورمێ | چالاکی سیاسی | کاندیدی شورای شار بووە و دوایە بەهۆی ناڕەزایەتیدەربڕین بە پرۆسەی هەڵبژاردن گیراوە | ١٣٩٦-٣-١ |
| ٥١ | عەتا عەزیزی | بانە | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ١٣٩٦-٣-١ |
| ٥٢ | ڕەسوڵ تاژانی | تاژانی بانە | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ١٣٩٦-٣-١ |
| ٥٣ | ئەمین ڕەحمانی | بۆکان | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی گرتوویەتی | ١٣٩٦-٣-٢ |
| ٥٤ | دیاکۆ هاشمی | ڕەوانسەر | هاووڵاتیی فینلاند | بۆ سەردانی باوکە نەخۆشەکەی هاتۆتەوە تاران و گیراوە، دوای ماوەیەک لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتوویانە | ١٣٩٦-٣-٤ |
| ٥٥ | مێهدی پاکمێهر | بجنورد | نووسەر | بە تاوانی نووسین لە سەر کوردستان، کوردەکانی خوراسان و ئاڵا و پێشمەرگە گیراوە | ١٣٩٦-٣-٧ |
| ٥٦ | ئەمیر پەیغامی | شنۆ | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ١٣٩٦-٣-٨ |
| ٥٧ | تۆفیق عەبدۆڵلاهی | مەهاباد | مەدەنی | پێشتر بە تاوانی سەلەفیگەری گیرابوو و سزای ١٥ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاوە | ١٣٩٦-٣-٩ |
| ٥٨ | یۆسف کامەلا | نەغەدە | مەدەنی | پێشتر بە تاوانی سەلەفیگەری گیرابوو و سزای ٥ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاوە | ١٣٩٦-٣-٩ |
| ٥٩ | حەبیب ئەمینی | ورمێ | مەدەنی | پێشتر بە تاوانی سەلەفیگەری گیرابوو و سزای ٥ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاوە | ١٣٩٦-٣-٩ |
| ٦٠ | داوود میهەندوست | ورمێ | مەدەنی | پێشتر بە تاوانی سەلەفیگەری گیرابوو و سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاوە | ١٣٩٦-٣-٩ |
| ٦١ | تاهیر خورشیدی | شنۆ | سەرباز | ئیتلاعاتی سپا بە هۆکاری ناڕوون گرتوویەتی | ١٣٩٦-٣-١٠ |
| ٦٢ | یوسف بەهرامی | پاوە | مەدەنی | لە ڕەشبگیرەکەی دوای ڕووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٦٣ | فاروق مزەفەری | ڕوانسەر | مەدەنی | لە ڕەشبگیرەکەی دوای ڕووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٦٤ | ماکوان ئەحمەدی | پاوە | مەدەنی | لە ڕەشبگیرەکەی دوای ڕووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٦٥ | عەلی عەزیزی | جوانرۆ | مەدەنی | لە ڕەشبگیرەکەی دوای ڕووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٦٦ | بەهمەن غوڵامی | ڕوانسەر | مەدەنی | لە ڕەشبگیرەکەی دوای ڕووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٦٧ | برهان مزەفەری | ڕوانسەر | مەدەنی | ڕەشبگیرەکەی دوای ڕووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |

**هەموو کەسێك مافی ئازادیی پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵە لەگەڵ کەسانی دیکەی هەیە. ئەم مافە پێکهێنانی یەکیەتییەکانو ئەندامەتی لەواندا بەمەبەستی پارێزگاری لە هۆگرییەکانو قازانجەکان دەگرێتەوە.**
**(ماددەی ٢٢ی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان)**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٨ | یاسر حەسەنزادە | پاوە | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٦٩ | سەلاح ... | سەردەشت | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٧٠ | ئاوارە ... | سەردەشت | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٧١ | عەبدولقادر ... | سەردەشت | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٧٢ | هیدایەت عەلیزادە | ورمێ | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٧٣ | نێعمان ئازەری | نەوسوود | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٧٤ | مەلاعەلی ئەییوبی | ورمێ | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٧٥ | مێهدی هوشیاری | پاوە | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٧٦ | ئارمان وەیسی | پاوە | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٧٧ | هێرش عەباسی | پاوە | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٧٨ | وەستا کامران ماتۆرساز | پاوە | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٧٩ | شاهۆ رەحیمی | پاوە | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٨٠ | سالار نەورۆزی | سەلاسی باوەجانی | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٨١ | رەحمان بێهروزی | سەرپێلی زەهاو | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٨٢ | بیلال بێهروزی | سەرپێلی زەهاو | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٨٣ | جەبار پاڵانی | سەرپێلی زەهاو | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٨٤ | محەممەد رەبک | سەرپێلی زەهاو | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ٨٥ | محەممەد خزرنژاد | بۆکان | مەلای گوندی ناچیت | سزای ١٥ مانگ زیندانیی تەعزیری و ٤ ساڵ زیندانیی تەعلیقیی بەسەردا سەپاوە | ١٣٩٦-٣-٢٠ |
| ٨٦ | فەریبا بەهرامی | روانسەر | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢١ |
| ٨٧ | ... فەتاحیپوور | بۆکان | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢٢ |
| ٨٨ | محەممەد محەممەدی | بۆکان | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢٢ |
| ٨٩ | جەعفەر محەممەدی | بۆکان | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢٢ |
| ٩٠ | یاسر وەلەدبەیگی | روانسەر | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢٣ |
| ٩١ | سیروان قەنبەردوست | پیرانشار | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢٣ |
| ٩٢ | ئەحمەد شیرینی | پیرانشار | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢٣ |
| ٩٣ | ئەحمەد قەنبەردوست | پیرانشار | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢٣ |
| ٩٤ | عەزیز ... | مەهاباد | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢٣ |
| ٩٥ | سەردار ئەمینی | سەلاسی باوەجانی | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢٣ |
| ٩٦ | غەدیر ئەمینی | سەلاسی باوەجانی | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢٣ |
| ٩٧ | مەحموود ئەحمەدی | سەلاسی باوەجانی | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢٣ |
| ٩٨ | سەردار رەحمانی | سەلاسی باوەجانی | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢٣ |
| ٩٩ | قانع خونسیاوەشان | پاوە | مەدەنی | رەشبگیرەکەی دوای رووداوی پەلاماری داعش بۆ سەر تاران گیراوە | ١٣٩٦-٣-٢٣ |
| ١٠٠ | سۆهەیلا زەندی | سنە | مەدەنی | بەهۆکاری ناروون ئیدارەی ئیتلاعات گرتوویەتی | ١٣٩٦-٣-٢٣ |
| ١٠١ | نەسرین پرشەنگی | سنە | مەدەنی | بەهۆکاری ناروون ئیدارەی ئیتلاعات گرتوویەتی | ١٣٩٦-٣-٢٣ |
| ١٠٢ | ئەبووبەکر قادرپوور | نەغەدە | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بەهۆکاری ناروون گرتوویەتی | ١٣٩٦-٣-٢٧ |
| ١٠٣ | عەبدولکەریم ئازەرین | پیرانشار | مامۆستای ئایینی | ئیدارەی ئیتلاعات بەهۆکاری ناروون گرتوویەتی | ١٣٩٦-٣-٣٠ |
| ١٠٤ | فەرعان سەیدەپوور | بێژاوێی شنۆ | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بەهۆکاری ناروون گرتوویەتی | ١٣٩٦-٣-٣١ |
| ١٠٥ | یوسف سەیدەپوور | بێژاوێی شنۆ | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بەهۆکاری ناروون گرتوویەتی | ١٣٩٦-٣-٣١ |
| ١٠٦ | ئۆمید سەیدەپوور | بێژاوێی شنۆ | مەدەنی | ئیدارەی ئیتلاعات بەهۆکاری ناروون گرتوویەتی | ١٣٩٦-٣-٣١ |

**هەر مرۆڤێک مافی ژیان، ئازادی و ئاسایش و تەناهی تایبەتی خۆی هەیە.**
**(ماددەی ٣ ی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ)**



## زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ١٣٩٦ دا لە دار دراون

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | هۆکاری ئێعدام کران و شوێنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانیان | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هوشەنگ پاداشی | خۆی | بە تۆمەتی بازرگانی بە مادەی سڕکەر لەدار دراوە | ٢٣-١-١٣٩٦ |
| ٢ | مەحمود بەراتی | بروجێردی لوڕستان | بە تۆمەتی بازرگانی بە مادەی سڕکەر لەدار دراوە | ٣١-١-١٣٩٦ |
| ٣ | مێهدی میرزایی | کوهدەشت | بە تۆمەتی بازرگانی بە مادەی سڕکەر لەدار دراوە | ٢-٢-١٣٩٦ |
| ٤ | مێهرداد عەسکەری | کرماشان | بە تۆمەتی بازرگانی بە مادەی سڕکەر لەدار دراوە | ٢-٣-١٣٩٦ |
| ٥ | مێهران ئەشرافی | کرماشان | بە تاوانی کوشتنی بەئانقەست لەدار دراوە | ٣-٣-١٣٩٦ |
| ٦ | عەبدوڵلا قادرزادە | نەغەدە | بە تۆمەتی بازرگانی بە مادەی سڕکەر لە زیندانی زەنجان لەدار دراوە | ٣-٣-١٣٩٦ |
| ٧ | حوجەت تەدرۆ | کرماشان | بە تاوانی کوشتنی بەئانقەست لەدار دراوە | ٤-٣-١٣٩٦ |
| ٨ | محەممەد خوسرەوی | شائابادی کرماشان | بە تاوانی کوشتنی بەئانقەست لەدار دراوە | ٤-٣-١٣٩٦ |
| ٩ | ئومید تەیمووری | شائابادی کرماشان | بە تاوانی دزیی چەکدارانە لەدار دراوە | ٤-٣-١٣٩٦ |
| ١٠ | سەلاحەدین شەفیعیکیا | ورمێ | بە تۆمەتی بازرگانی بە مادەی سڕکەر لەدار دراوە | ٥-٣-١٣٩٦ |
| ١١ | ڕەمەزان موختاری | ورمێ | بە تۆمەتی بازرگانی بە مادەی سڕکەر لەدار دراوە | ٥-٣-١٣٩٦ |
| ١٢ | عوسمان حوسێنی | سەردەشت | بە تۆمەتی بازرگانی بە مادەی سڕکەر لەدار دراوە | ٥-٣-١٣٩٦ |
| ١٣ | فەخرەدین ڕەوشەنی | ماکۆ | بە تاوانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر لە زیندانی مەراغە لە دار دراوە | ٥-٣-١٣٩٦ |
| ١٤ | ئەفشار بەیگلوو | ورمێ | بە تاوانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر لە زیندانی مەراغە لە دار دراوە | ٦-٣-١٣٩٦ |
| ١٥ | هومایون تولابی | کوردی خوڕەماوا | زیندانی ناوەندیی پارسیلیون لە دار دراوە | ١٦-٣-١٣٩٦ |

## ئەو کەسانەی لە سێ مانگی بەهاری ١٣٩٦دا قوربانیی تەقینەوەی مین بوون

| ریز | ناو و ناسناو | شوێن | پیشە | جۆری زیان | چۆنیەتیی ڕووداو | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ... | میمک"ی ئیلام" | شوان | بریندار بووە | بەهۆی تەقینەوەی مین لاقێکی لە دەست داوە، ئێرنا باسی کردووە بەڵام ناوی نەبردووە | ٣-١-١٣٩٦ |
| ٢ | ئیسماعیل عەزیزیان | کەوپێچی بانە | مەدەنی | بریندار بووە | لە ڕۆژی ١٣ بەدەردا بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بووە | ١٣-١-١٣٩٦ |
| ٣ | محەممەد شوکری | شوشمێی پاوە | وەرزێڕ | بریندار بووە | بەهۆی تەقینەوەی مین لاقی پەڕیوە | ١٥-١-١٣٩٦ |
| ٤ | پ. ئا. | مەریوان | ئەفسەری پۆلیس | بریندار بووە | بەهۆی تەقینەوەی مین لە دەوروبەری پاسگای "کانی کن" لاقی پەڕیوە | ١٨-١-١٣٩٦ |
| ٥ | حەسەن پیروتی | سەردەشت | مەدەنی | بریندار بوە | بەهۆی تەقینەوەی مین بە توندی بریندار بووە | ٢٩-١-١٣٩٦ |
| ٦ | مەولوود عەزیزی | شنۆ | کاسبکار | بریندار بوە | بەهۆی تەقینەوەی مین لاقێکی پەڕیوە | ٤-٢-١٣٩٦ |
| ٧ | ئەحمەد غوڵامی | سەقز | مەدەنی | بریندار بوە | بەهۆی تەقینەوەی مین لاقی چەپی پەڕیوە | ٨-٢-١٣٩٦ |
| ٨ | ڕەحمان بازیار | دێهلۆڕانی ئیلام | مەدەنی | بریندار بوە | شۆفیری بێلمیکانیکی بووە و بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بووە | ٧-٣-١٣٩٦ |
| ٩ | پەرویز مەلەکی | دێهلۆڕانی ئیلام | مەدەنی | بریندار بوە | بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بووە | ١٣-٣-١٣٩٦ |



## ئەو کەسانەی لە سێ مانگی بەهاری ١٣٩٦دا بە هۆی ڕووداوی کار زیانیان بەر کەوتووە

| ریز | ناو و ناسناو | شوێن | پیشە | جۆری زیان | چۆنیەتیی ڕووداو | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەنوەر خالیدی | بانە | کرێکار | گیانی لە دەست داوە | لە هەرێمی کوردستان بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لە دەست داوە | ٩-١- ١٣٩٦ |
| ٢ | شەهاب قوربانی | پیرانشار | مهەندیسی برق | گیانی لە دەست داوە | لە سەر کار برق گرتوویەتی و بەهۆی نەبوونی ئیمەنیی کار گیانی لە دەست داوە | ٢٣ -١ -١٣٩٦ |
| ٣ | فەرزانە ناوخاسی | کامیاران | کرێکار | قامکەکانی پەڕیوە | بەهۆی ڕووداوی کار قامکەکانی دەستی مەڕیون | ٢٤- ١- ١٣٩٦ |
| ٤ | مەسعود شێرمحەممەدی | سەوڵاوای مەریوان | کرێکار | گیانی لە دەست داوە | لە تاران لە کاتی کارکردندا بە هۆی بەربوونەوە لە بینایەک گیانی لە دەست داوە | ١٦- ٢- ١٣٩٦ |
| ٥ | مەنسوور خودامرادی | مەریوان | کرێکار | بریندار بوە | بەهۆی بەربوونەوە لە بینا لە کاتی کارکردندا لاقی شکاوە | ١٧- ٢- ١٣٩٦ |
| ٦ | ئەسعەد مستەفایی | سنە | کرێکار | گیانی لە دەست داوە | لە تاران لە کاتی کارکردن و بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لە دەست داوە | ٢٠- ٢- ١٣٩٦ |
| ٧ | حەسەن غەریبی | ئەیوان | کرێکار | گیانی لە دەست داوە | لە تاران لە کاتی کارکردندا بەهۆی داڕمانی دیوار گیانی لە دەست داوە | ١٣٩٦-٣-٥ |
| ٨ | عەدنان مەعرووفی | مەریوان | شۆفیری جەرسەقیل | گیانی لە دەست داوە | لە کاتی کار لە تاران و بەهۆی ڕۆچوونی کاناڵ گیانی لە دەست داوە | ١٣٩٦-٣-٧ |
| ٩ | ئیسماعیل محەممەدوەند | هەرسین | کرێکار | گیانی لە دەست داوە | لە کاتی کارکردندا بەردێکی دوو تۆنی بەسەردا بەربۆتەوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ١٠ | محەممەد | کەنگاوەر | کرێکار | گیانی لە دەست داوە | لە کاتی کارکردن و بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لە دەست داوە | ١٣٩٦-٣-١٨ |
| ١١ | عوسمان ڕەسووڵی | سەقز | کرێکار | گیانی لە دەست داوە | لە کاتی کارکردن و بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لە دەست داوە | ١٣٩٦-٣-٢٠ |
| ١٢ | ئەمجەد سوبحانی | سنە | کرێکار | گیانی لە دەست داوە | سەرەتای بەهار بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی بریندار بوو و دوایە لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست دا | ١٣٩٦-٣-٢١ |

## ئەو کەسانەی لە سێ مانگی بەهاری ١٣٩٦دا بە هۆی خۆکوژی کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | تەمەن | چۆنیەتیی رووداو | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | حەیدەر عەتایی | بانە | تەمەن ٢٤ ساڵ | لە ڕێگای خۆ هەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ٢- ١- ١٣٩٦ |
| ٢ | شادی غەفاری | مەریوان | تەمەن ٢٢ ساڵ | لە ڕێگای خۆ هەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ١١- ١- ١٣٩٦ |
| ٣ | شیما ئاداک | مەریوان | تەمەن ٢٤ ساڵ | تەرمەکەی لە گۆلی زرێباردا دۆزراوەتەوە | ١٣٩٦-١-٢٠ |
| ٤ | شەماڵ شەریفی | قزقۆپیی ساینقەڵا | تەمەن ١٧ ساڵ | لە ڕێگای خۆ هەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ٢١- ١- ١٣٩٦ |
| ٥ | مێهدی فزوونی | سەرفیروزاوای کرماشان | سەروو ٤٠ساڵ | بە نیشانەی نارەزایەتیی بە سوکایەتیی کاربەدەستان بە ئایینی یاری خۆی سوتاندوە | ٢٤ – ١- ١٣٩٦ |
| ٦ | ئێحسان فزوونی | سەرفیروزاوای کرماشان | سەروو ٤٠ساڵ | بە نیشانەی نارەزایەتیی بە سوکایەتیی کاربەدەستان بە ئایینی یاری خۆی سوتاندوە | ٢٤ – ١- ١٣٩٦ |
| ٧ | ویدا عەبدوڵلازادە | ورمێ | تەمەن ٢١ ساڵ | بەهۆی کێشەی خێزانی لەگەڵ بنەماڵەکەی خۆی سوتاندوە | ٢٩- ١- ١٣٩٦ |
| ٨ | دنیا دادگوستەر | مەریوان | تەمەن ٢٢ ساڵ | لە ڕێگای خۆ هەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ٩- ٢- ١٣٩٦ |
| ٩ | کەریم جەمشیدی | سەرهویەی سنە | تەمەن ٦٠ ساڵ | لە ڕێگای خۆ هەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ١٤- ٢- ١٣٩٦ |
| ١٠ | زێنەب سەحرایی | ساریقورخانی تیکاب | تەمەن سەروو ٦٠ ساڵ | لە ڕێگای خۆ هەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ١٣٩٦-٢-١٨ |
| ١١ | هیلان مەحمودی | زەردووی پاوە | تەمەن ٢٨ ساڵ | لە ڕێگای خواردنی حەبی برینجەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ١٣٩٦-٢-٢٢ |
| ١٢ | ساسان مرادی | کرماشان | تەمەن ٢٠ ساڵ | سەرباز بووە و بەهۆی سووکایەتی بەرپرسانی هێزی ئینتیزامی بە ئایینی یارسان خۆی کوشتوە | ٢٨- ٢- ١٣٩٦ |
| ١٣ | ڕەزا رۆستەمزادە | سەقز | تەمەن ١٨ ساڵ | لە ڕێگای خواردنی حەبەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ٣٠- ٢- ١٣٩٦ |
| ١٤ | شیما قەرەنی | مەهاباد | تەمەن ١٩ ساڵ | لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ١٣٩٦-٣-١ |
| ١٥ | ئیلاهە ئەحمەدیان | سەقز | تەمەن ٢٥ ساڵ | لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ١٣٩٦-٣-١ |
| ١٦ | ئارەش وەیسی | کامیاران | تەمەن ٢٦ ساڵ | لە ڕێگای خواردنی حەبەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ٤- ٣- ١٣٩٦ |
| ١٧ | سەحەر ئەیوبوەند | قامیشەڵەی مەریوان | تەمەن ١٧ ساڵ | ئاگری لە خۆی بەرداوە و دوای چەند مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست داوە | ١٣٩٦-٣-٦ |
| ١٨ | کامیل ب | شەریفاوای دیواندەرە | تەمەن ٢٣ ساڵ | لە شوێنی کارەکەی خۆی هەڵواسیوە و کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ١٣٩٦-٣-٦ |
| ١٩ | هێمن م | مەریوان | تەمەن ٢٥ ساڵ | لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ١٣٩٦-٣-١١ |
| ٢٠ | هەوار قادری | مەریوان | تەمەن ٢٤ ساڵ | لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ١٣٩٦-٣-١٣ |
| ٢١ | بێهزاد شەریفپوور | سەقز | تەمەن ٣٠ ساڵ | لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ١٣٩٦-٣-١٥ |
| ٢٢ | سەعید نادری گوڵدەرە | هەرسین | ... | لە زیندان بە هۆی خواردنی حەب کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ١٣٩٦-٣-٢٠ |
| ٢٣ | ئاکام خزری | سەردەشت | ئەفسەر | لە زیندان بە هۆی خواردنی حەب کۆتایی بە ژیانی هێناوە | ١٣٩٦-٣-٢٩ |

**هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە بەو پەڕی بەرابەری لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە دادگایەکی سەربەخۆ، بێلایەن، بەئینساف و ئاشکرادا بە کێشە و سکاڵاکەی رابگەنو، دادگایەکی ئەوتۆ دەبێ لە بارەی مافەکانو پێویستییەکانی وی یان هەر تاوانێك کە پێی تاوانبار کراوە، بڕیار بدا.**
**(ماددەی ١٠ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ)**



چاو نیوز
ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی
ماڵپەری چاو نیوز بکە:
www.chawnews.com

لە بڵاوکراوەکانی
ناوەندی مافی مرۆڤ
بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
گرافیک دیزاین: مراد بەهرامیان

ikhrc1@gmail.com